www.kurdistannet.org
20-10-2006 12:15 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## مۆدێلی مانگرتن ... بەختیار شاخی

مانگرتن گەر لەپێناو وەدەست هێنانی داوای ڕەوادا بێت كارێكی فرە خاسە، ڕێگەیەكی زۆر ئارام و گونجاویشە، بەلاّم ئەوكاتەی مانگرتن ژیانی خەلّك بخاتە مەترسییەوە دەبێتە ڕێگەیەكی نادیموكراسی و خراپ. بەم دواییانە مانگرتن لە كوردستان بۆتە مۆدێل و تەنانەت چاولێكەرییەكی ئاشكرا دەبینین. مامۆستایەك گوتی: "دەرمالّەی ئێمە زیاد كرا و ئێستا ئەوانەی دیكەش دەستیان بە مانگرتن كردووە، دەترسم حكومەت توڕە بێت و لەوەی ئێمەش پەشیمان بێتەوە"!.

هەموو توێژە مووچەخۆرەكان مافی خۆیانە داوای زیادكردنی مووچە یان دەرمالّە بكەن، بەلاّم زۆرم پێ سەیر بوو نوێنەری یەكێك لەو توێژە مانگرتووانە دەیگوت" مامۆستایان چییان لە ئێمە زیاترە كە دەرمالّەیان زیاد كرا؟" ئەوە هەوێنی ئەو ترسەیە كە ئەو مامۆستایە دەریبڕی.

سەیرترین مۆدێلی مانگرتن، كە زۆر ترسناكیش بوو، داخستنی دەرگای بەشی نۆڕینگە (موختەبەر) ی هەندێ لە نەخۆشخانەكان بوو، ترسناكیی ئەوەش لەوەدا زیاتر بوو كە تەنانەت هەندێ نەشتەرگەریی بۆ ماوەیەك دوا خران. لێرەدا ئێمەش مافی ئەوەمان هەیە لەو مانگرتووە بەڕێزانە بپرسین: "ئەرێ ئامانجی ئێوە پاراستنی ژیانی خەلّك نییە؟ ئەی بۆ ئەوانتان خستە بەر هەڕەشە بۆ ئەوەی وەك كارتێك بۆ وەدەستهێنانی مافێكی دیكە بەكاریان بێنن؟". كێشەكە لەوەدا نییە كە چەند سەندیكا و ڕێكخراوی دیكە بۆ وەرگرتنی دەرمالّە مان دەگرن، بەلّكو پێویستە ئەو ئیلتیزامە ئەخلاقییەی بەرامبەر كارەكەیان هەیانە بپارێزن، خۆ هەموویان ئەوەیان لەبیرە كە دوای ڕاپەڕین سەری بەرزیان بۆ مووچە نەوی نەكرد، ئەو هەلّوێستەی ئەوان بۆ هەمیشە مایەی ستایشە، بۆیە هەق نییە ڕێگا بدەن ئەو تابلّۆ جوانەیان بە كاری نامەسئولانە لەكەدار بكرێت.

كاری سەرەكیی ئەو ڕێكخراو و سەندیكایانە ئەوەیە داوای ئەندامانی خۆیان بە شێوازی مەدەنی بگەیەننە لایەنی بەرپرس، بۆیە لێرەدا بەرپرسیارێتیی هەر لادانێك دەكەوێتە ئەستۆی ئەوان و پێویستە ڕێگە نەدەن كارمەندی نەخۆشخانەیەك بگاتە ئەو ئاستەی خەلّك دەربكات و بلّێ "مانمان گرتووە و دەوام نییە".

هاوڕێیەكم، كە لە ئوسترالیا دەژی و ئێستا لە كوردستانە، لە گەرمەی باسی مانگرتندا گوتی: بەڕای من لە كوردستاندا ئەوانەی بەر لە هەموو كەس دەبێ مان بگرن، ئێوەی ڕۆژنامەنووسن، چونكە لە ئوسترالیا مووچەی ڕۆژنامەنووس، ئەگەر لە مووچەی پەرلەمانتار و وەزیر زیاتر نەبێت، كەمتر نییە.

هیوادارم مۆدێلی مانگرتن نەگاتە ئەو ڕادەیەی حكومەتیش وەك وەلاّمێك بۆ ئەو هەموو مانگرتنە، مان بگرێت.

bshakhy@hotmail. com